**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە : ٤٦/٤/٩ لە ١/٤ /٢٠١٦**

## ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٦

بەپێی ماددەی ( ٢ ) لە یاسایی وەزارەتی دارایی و ئابووری ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٠ دوا بە دوای هەردوو ڕێنماییمان ژمارە (٤٩) ی ساڵی /٢٠١٢ و (٢١) ی ساڵی /٢٠١٣ کەوا بۆ بەکرێ گرتنی ئۆتۆمبێل بۆ دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم ڕێنماییەمان دەرکرد :-

١- دیاری کردنی جۆر و نرخی بەکرێ گرتنی ئۆتۆمبێل

| ژ | جۆری ئۆتومبێل | نرخی کۆن بە دینار | نرخی نوێ بە دینار |
|---|---|---|---|
| ١ | پیکاب دەبل بۆ ناو شارەکان (هەولێر/ سلێمانی / دهۆك) | ٧٥٠٠٠٠ | ٦٥٠٠٠٠ |
| ٢ | پیکاب دەبل بۆ ناو قەزا و ناحیەکان | ٦٥٠٠٠٠ | ٥٥٠٠٠٠ |
| ٣ | پیکاب دەبل لەنێوان شار و قەزا و ناحیەکان کە ماوەی نێوانیان لە(٥٠کم) کەمتر بێت | ١١٠٠٠٠٠ | ٩٥٠٠٠٠ |
| ٤ | پیکاب دەبل لە نێوان شار و قەزا و ناحیەکان کە ماوەی نێوانیان لە (٥٠کم) کەمتر بێت | ١٠٠٠٠٠٠ | ٨٠٠٠٠٠ |
| ٥ | پاص بۆ ناوشارەکان(هەولێر / سلێمانی / دهۆك) | ٩٥٠٠٠٠ | ٨٠٠٠٠٠ |
| ٦ | پاص لە ناو قەزا و ناحیەکان | ٨٠٠٠٠٠ | ٦٠٠٠٠٠ |
| ٧ | پاص لە شارەکانەوە بۆ قەزا و ناحیەکان کە ماوەی نێوانیان لە (٥٠کم) زیاتر بێت | ١٨٠٠٠٠٠ | ١٣٠٠٠٠٠ |
| ٨ | پاص لە شارەکانەوە بۆ قەزا و ناحیەکان کە ماوەی نێوانیان لە (٥٠کم) کەمتر بێت | ١٦٠٠٠٠٠ | ١١٥٠٠٠٠ |
| ٩ | مینی پاص بۆ ناو شارەکان( هەولێر / سلێمانی / دهۆك ) | ٦٥٠٠٠٠ | ٦٠٠٠٠٠ |
| ١٠ | مینی پاص بۆ ناو قەزا و ناحیەکان | ٦٠٠٠٠٠ | ٥٠٠٠٠٠ |
| ١١ | مینی پاص بۆ نێوان شار و قەزا و ناحیەکان کە ماوەی نێوانیان لە (٥٠کم)کەمتر بێت | ١٢٠٠٠٠٠ | ٩٧٥٠٠٠ |
| ١٢ | مینی پاص بۆ نێوان شار و قەزا و ناحیەکان کە ماوەی نێوانیان لە (٥٠کم) زیاتر بێت | ١٤٠٠٠٠٠ | ١١٠٠٠٠٠ |
| ١٣ | صالۆن بۆ ناو شارەکان (هەولێر / سلێمانی / دهۆك ) | ٤٠٠٠٠٠ | ٣٠٠٠٠٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٤ | صالۆن بۆ ناو قەزا و ناحیەکان | ٣٠٠٠٠٠ | ٢٢٥٠٠٠ |
| ١٥ | لاندکرۆز بۆ ناو شارەکان (هەولێر / سلێمانی / دهۆك) | ٦٥٠٠٠٠ | ٥٠٠٠٠٠ |
| ١٦ | لاندکرۆز بۆ ناو قەزا و ناحیەکان | ٦٠٠٠٠٠ | ٤٠٠٠٠٠ |
| ١٧ | تراکتۆر | ٧٥٠٠٠٠ | ٦٠٠٠٠٠ |
| ١٨ | بەکرێ گرتنی هەموو جۆرە ئۆتۆمبێلێك تاکو(١٥)ڕۆژ بە نرخی ڕۆژانە بە کرێ دەگیرێت بەبێ گرێبەست و لە چوارچێوەی پێشینەی مانگانە | | |

٢- لە کاتی داواکاری بۆ نوێ کردنەوەی گرێبەستی بەکرێ گرتنی ئۆتۆمبێل پێویستە ژمارەی فەرمانبەرانی میلاکی فەرمانگەکە (هەمیشەیی / گرێبەست) و ژمارەی ئەو ئۆتۆمبێلە حکومیانەی کە لە میلاکی فەرمانگەکە هەیە بۆمان ڕەوانە بکرێت بەمەرجێك بەکۆنوسێك لە لایەن بەرپرسی بەش و هۆبە پەیوەندیدارەکان و بەڕێوەبەری فەرمانگەکە واژوو کرابێت .

٣- بە دەرکردنی بەکرێ گرتنی هۆیەکانی گواستنەوە لە سنووری پارێزگا و قەزا و ناحیەکانی هەرێم لە مەرجی کەم کردنەوەی نهێنی و بەکرێ گرتنیان ڕاستەوخۆ دەبێت بەپێی ئەم بڕانەی کە لە خاڵی یەکەمی سەرەوەدا هاتووە .

٤- ئەم بڕانەی سەرەوە بەرزترین ڕادەن (حد الاعلی) و دەکرێت بەگوێرەی پێویست کەمتر لەم نرخانە بەکرێ بگیرێت بەتایبەتی بۆ ئەو گرێبەستانەی کە ساڵانی پێشوو بە کرێ گیراون و نرخەکانیان کەمترن لە نرخی ئەم ڕێنماییەی ئیستا .

٥- نوێ کردنەوەی گرێبەستی بەکرێ گرتنی ئۆتۆمبێل و هۆیەکانی گواستنەوە تەنها لە دەسەڵاتی وەزارەتمان / بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری / خەرجییەکاندایە .

٦- لە کاتی داواکاری بۆ نوێ کردنەوەی بەکرێ گرتنی ئۆتۆمبێل مەرج نیە گرێبەستی هەموو ئۆتۆمبێلێك نوێ بکرێتەوە جگە لە پاص و مینی پاص کە بۆ گواستنەوەی فەرمانبەران بەکاردێت .

٧- هیچ داواکارییەکمان ئاڕاستە نەکرێت بە مەبەستی بەکرێ گرتنی ئۆتۆمبێلی نوێ .

٨- کار بە هیچ ڕێنماییەکی تر بۆ بەکرێ گرتنی ئۆتۆمبێل ناکرێت .

٩- ئەم ڕێنماییە لە بەرواری ٢٠١٦/١/١ ەوە جێبەجێ بکرێت جگە لە وەزارەتەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی کە لە دەستپێکی ساڵی خوێندنی) (٢٠١٥ -٢٠١٦) (هەژمار دەکرێت) .

**ڕابەر صدیق محمد**
**بریکاری وەزارەت بەوەکالەت**